www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:43 19-10-2006

**ڕەخنەیەکی پێشمەرگانەلەکاک عومەر فەتاح؟!! ... محمد سیاسی ئەشکەنەیی**



زۆرجار کەپێشمەرگەیەکی دێرین یان کەسێك گلەییەك دەکات ئەڵێن پێی برا پەلە مەکەو کوا بزانین کەم و کوری لە کتابەکانت دانیە و هۆکار چیە ئەو ئیشەی تۆ ناکری و بۆچی بەردەوام گلەیی دەکەی و ئەچی بۆلای ئەم و ئەو، چی وای کردووە هەموو ئەو گلەییانە کەڵەکەبن وکاك عومەر فەتاحیش تەنها ئیمزایەك چیە نەیکات، چی وای کردووە ئەوەندە رق ئەستوورو داخ لەدڵ بی بەرامبەر بە پێشمەرگەی کۆن، من لەکاك عومەر فەتاح ئەپرسم ئایا خۆی پێشمەرگەی کۆن نەبووە یان ئێستا بەحوکمی بوونی بەجێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باوەری بە پێشمەرگە نیەو پێشمەرگەی کۆنی پی میلیشیایە!

لەکاك عومەر ئەپرسم گەر خۆی بەو دەوڵەمەندێتیەش یازدە مانگ هیچ مووچەیەك وەرنەگری ئایا بێزا ر نابی لەپێشمەرگەبوونی و یەکێتی بوونی کە زۆر لەو پێشمەرگە کۆنانەی کەناویان لەلیستی فئەکان دایە تاکو ئێستا مووچەیان بۆ نەبراوەتەوە کە زۆریان هەنە خاوەنی تەنانەت پەنجا دۆلار نین لەماڵیانداو بەیارمەتی ئەم و ئەو دەژێین، ئایا ئێمە پێشمەرگایەتیمان بۆ ئەوە کرد تاکو بەو شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن بمان هێڵنەوە بەبی مووچەو بەقەتیس کراوی، من ئەوە لە کاك عومەر فەتاح ئەپرسم کە خۆی لەسەردەمی شاخدا لەگەڵ پێشمەرگە لەیەك قاپدا نانی ئەخوارد و ئاواتی بەرزگاربوون و روخاندنی رژێمێك ئەکرد کە ئەو رژێمە بچوکترین ما فی رەوا نەئەبینی بەرۆڵەکانی گەلەکەمان بەڵام چی وای کرد کاك عومەر شێوەیەك لە شێوەکان لەئێستای ئازادی دا بچوکترین ماف بە پێشمەرگەی کۆن رەوا نەبینی و هیچ حیساب بۆ خەبات و ماندووبونی هەموو ئەو پێشمەرگانە نەکات کە رۆژانێك هاوخەباتی بوون لە شاخدا، لەخۆشی و ناخۆشیدا، لەئازارو مەینەتی و برسێتی وتینوێتیدابوون، ئێستاش مووچەیەکیان پی رەوا نابینی و مەجالی هاتنە ژورەوەیان پی نادات، ئایا کاك عومەر بۆ ئەوە خەباتی کرد تاکو ئاوا رێز لەخەبات و پێشمەرگەی کۆن بنی و ماڵ و مناڵەکانیان لەبرسان بکوژی بیان تلێنێتەوە بەئازار، ئایاپێشمەرگە جێگای رێزن لێیان بنری یان ببن بەزبڵدانی مێژوو، بۆیە دەڵێم سەرکەوتن ئەوە نیە کەتۆ ئێستا بەرپرسێکی پایەبەرزی و هیچ رەحم بە ئەوانەی خوار خۆت ناکەی ئەوە سەرکەوتنە کە ببیە خۆشەویستی هەموو مرۆڤایەتی و ئەوەندەی لەتوانات دابی کاریان بۆ بکەی دەنا ئیتر پێشمەرگە کۆنەکان جارێکی تر ئەو وولاتە جی دەهێڵنەوە کەبەخوێنیان ئازادیان کردو ئێستاش تۆ بی وەڵامی لە ئاستیاندا، بەجی هێشتنی وولات لەلای گەنجەوە زۆر کێشەیەك نیە تەنها نەفرەت لەخاکی باوك و باپیرانیان دەکەن کە بەرپرسەکانیان نەیانتوانیووە بیمەی کۆمەڵایەتیان بۆ دابێن بکەن، خەم و خولیاکانیان بهێننە دی، باری ژیان و گوزەرانیان باش بکەن، بەڵکو ئەمجارەیان پێشمەرگە کۆنەکان ئەم خاکە بەجی دەهێڵن کە کرێکاریشی تێدا نابیننەوە بۆ ئەوەی ماڵ و مناڵەکانیانی تێدا بژیەنن کە هیچ ژیانێك لە کوردستاندا نەماوەو، نەیاساتان بەکاری خۆی هەڵدەستی و نەتوانیوتانە بەپی ی پێویستی خەڵك پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەوتۆ لەشوێنی شیاوی خۆیدا بنیاتبنێن، تەنها کوتلەو تەنها مل شکاندنی هاوسەنگەران و کچی جوان و سەیارەی باشترین مۆدێل و رۆتینی زۆری دام و دەزگاکانی حکومەت کەئەوەش هەمووی کێشەن چارەسەریان بۆ نیە، بۆیە

چاك وایە كاك عومەر فەتاح بەگیانێكی پێشمەرگانەوە مامەڵە لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەكان بكات، چەنكە ئەوان بوون ئەمرۆیان دروست كردوو باچیتریش لە فەرامۆشیدا نەژین، چونكە فەرامۆشبوونی تێكۆشەرە دێرینەكان فەرامۆشبوونی خاك و وولات و نیشتمانە كە ئەوان شەویان خستبووە سەر یەك تاكو بەم رۆژگارە ئازادە بگەن گەچی ئێستا موچەیەكیان پی رەوانابینن؟

بۆیە ئەمجارەیان داواكارم لە بەرێز كاك عومەر فەتاح كە پێنووسەكەی بخاتە كارو ئەم خەمەی ئەو كۆمەڵە پێشمەرگەیەش كۆتایی پی بهێنی تاكو تێكۆشەرانی پێش راپەرین نەفرەت نەكەن لەو خەباتەی كە كردیان.